## ***دەوڵەتی کوردی لە دیدی ئەوانەوە!...***

«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»



**هەلۆ بەرزنجەیی 1.3.2020**







**" دەوڵەت گرنگترین داهێنانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا".... کارل. ڤ. دۆیچ**

ماوەیەکی باشە، بە وردی و بە دیقەتەوە سەرنج دەگرم لە بیروڕای گشتی تورکی و عەرەبی و فارسی و بە تایبەت ڕۆشنبیران و کەسایەتییە گوێ لێگیراوەکانی نەتەوە سەردەستەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان. ئاخر باری سەرنجی ئەوانم گەلێ لا مەبەستە، هەر نەبێت گوایە ئەم تاقمە بە چەند ئاوێک لەچاو سیاسی و دەسەڵاتدارەکانیان دا شۆراونەتەوە!. وەک دەبینین ئەم دەستەیە جارەوجار گەر بە کزیی و لاوازیی و لەژێر لێویشەوە بێت، دەیانەوێ دەنگ هەڵبڕن و شتێ بڵێن خۆیان لە دەسەڵات و عەوامی خەڵک جودا بکەنەوە....

ئێمە گوێمان لە دەنگە شەرمنەکانیان دەبێت، گوایە لەگەڵ مافی کورد دان و هەندێکیان وەک « حەسەن عەلەوی و سادق زێباکلام » زیاتر هەنگاو دەنێن و دەڵێن: لەگەڵ مافی کوردداین تا ڕادەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. لەڕاستیدا ئەمەش دیوێکی ئەو مەسەلەیە، کە ڕەنگە دەمودەست و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ببێتە مایەی دڵخۆشی هەر تاکێکی کوردستانی.

لێ گرفتەکە لەوەدایە کاتێ بە وردی دەچیتە بنج و بناوان و گەوهەری بۆچوونی ئەم دەستە و تاقمەوە ،دەبینیت، ئەمان زیاتر لەوانی دیکە لە پەرۆشی پاراستن و چەسپاندن و زامنکردنی دەوڵەتەکەی خۆیان و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەیان و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی نەتەوەکەیان دان. لەم ڕووەوە هەرچییەک بۆ تۆ بخوازن، بە ئامانجی خزمەتکردنی پرسی نەتەوایەتی و دەوڵەتە زۆڵەکەکەی خۆیانە. بەواتایەکی دی ئەم بۆچوونە بەرهەمی قەناعەتێکی چەسپاو و ئەزموونێکی دەوڵەمەند و باوەڕێکی بەرزی مافی گەلان و ڕێزگرتن لە ویست و خواستی ئەوانی تر نییە. ئاخر وەک مێژوو سەلماندوویەتی، ئەوان ! هێندە سوورن لەسەر دژایەتی بوونی کورد و ژیان و مافە سروشتییەکانی، تەنانەت مافی ژیانی ئاسایشی بۆ ناسەلمێنن و بە شایستەی چ هەقێکی نازانن. لە هەرڕوانگەیەکەوە بڕواننە پرسەکەی تۆ، وا خۆیان و هەموو ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە دوور و نزیکەکانیان هەر لەبیرە.

کاتێکیش بۆ کورد لەگەڵ خواست و دامەزراندنی دەوڵەتدان، دەوڵەتی ناوبراویان وەک ئامرازێک گەرەکە بۆ پتەوکردن و مەحکەمکردنی پێگەی نەتەوەیەتی خۆیان لەو ململانێ و شەڕە ستراتیژی و پرسی ئاسایشی نەتەوەییدا ، کە بەدرێژایی مێژوو هەیان بووە و دەیان بێت. هۆکەشی ئەوەیە کیانەکان دەستکردن، نەک بەرهەمی خەباتی میللی و جەماوەریی ، بۆیەکا هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و ترس و نیگەرانیدان .

ئاخر لە ناوچەکەدا ململانێ و شەڕی باڵا دەستی ئەوانە، بەشێکە لە مێژووی تۆمارکراوی ڕاستەقینەی ناکۆکییەکانی نێوانیان. ئەوان تا ئێستا ترس لە کێشەی کورد و ڕەهەندە نەتەوەییەکانی ، وا بەسەریاندا شکاوەتەوە بە تاکتیک لەگەڵ یەکتردا بوونەتە هاوپەیمان و لە نێوان خۆیاندا ڕێکەوتننامەیان مۆر کردووە.ڕێکەوتننامەی جەزائیر بە نموونە.

جێی سەرنجە هەردوو لا کۆکن لەسەر خاڵێک ، کە ئاسایش و بەرژەوەندی خۆیانی تێدا دەبیننەوە. هاوباوەڕەکانی عەلەوی، لە دیدی عروبەیانەوە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان، بە ستراتیژێکی باش و گرنگ دەبینن کە وەک قەڵغان بۆ پاراستنی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی عارەبایەتی، لە هێرش و چاوتێبڕینی فارس و تورک بپارێزێ...بە هەمان پێودانگ و تێڕوانین، ئاغای زێباکەلام، دەڵێ: لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیداین لە باشوور، بە نێت و ئاواتی پاراستنی دەوڵەتی ئێران لە هەڕەشە و مەترسییەکانی عەرەب و تورک. هەردوو دەستەکەش بەس باوەڕیان بە دەوڵەتی کوردی لەو بەشەی باشووردا هەیە، کە بۆتە دیوار و کۆسپێ لەبەردەم خەون و ئاواتی نەتەوەیی خۆیان دا. دەنا زێباکەلام کورد بە فارسی ڕەسەن لەقەڵەم دەدا و تەنانەت مافی خودموختاریشیان لە ڕۆژهەڵاتدا بۆ ناسەلمێنێ. ئەو پێی وایە کورد وەک ئێرانییەک ئەرکە لەسەری شانی داکۆکی بکات لە ئێران و بەرپەرچی ئەو هەڕەشانە بداتەوە، کە لە دەرەوە ڕووتێ دەکەن.

شایانی ئاماژە پێدانە، گەورە زانای تورکی دۆستی کورد «ئیسماعیل بێشکچی» ، وەک تاکە دەنگی تاقانە و ناوازە، لەم دیدەوە بە دوور دەگرین، چونگە ئەو باوەڕ و تێزەکانی و سزاچەشتنی زۆر و بەردەوامی تێکۆشان و بەرگریی کردن لە پێناوی کورد دا ، بواری چ دەمەتەقێیەکی لەسەر دڵسۆزیی و باوەڕی پتەوی نەلەقیوی زانستیانە و مرۆڤدۆستانەی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە. لەتەک ئەوەشدا، بە دووری نابینم هێشتا لە نێو تورکدا کەسانی تریان هەبن، وا بیر بکەنەوە وەک ئەوانەی لەسەرێ ئاماژەمان پێ دا.

کەواتە دەرئەنجام ئەوەڕوون و ئاشکرا دەبێت، تا 50% بەرەو ژوورتری تورک و فارس و عەرەب نەبنە بێشکچی ئاسایەکی زانست پەروەر و واقیعبین و مرۆڤدۆست و خاوەن هەڵوێست ، وا خۆتەفرەدانە هەر چاوەڕێی داری زڕ بکەیت بەرت بۆ بگرێ و بڵێیت تورک و عەرەب و فارس تێڕوانینی واقیعی و مرۆڤدۆستییانەیان بۆ پرسی کورد هەیە و ئیمڕۆ نا سبەی بەشێوەیەکی دیموکراسی دەتوانرێ چارەسەری کێشی کورد بکرێ!. ئاخر بنەمای سەرەکی دیموکراسی بە پێوەری زۆرینە و کەمینە دەپێورێ... کورد لە هەموو بەشە ناشروشتییەکانی تێ ترێنجدراوە، کەمینەیە و هیچ کات تاکە بڕیارێک بە دەنگ دان و دیموکراسی ناباتەوە.

ئەوەی لێرە گرنگ و هەستیارە ئاماژەی پێ بدەین، جێی داخە کەوا هێشتا سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورد هەن، چەند گالیسکەیەک لە یەک ئەسپ دەبەستن!؟...خەباتی نەتەوایەتی کورد، وەک کێشەی نەتەوە و خاکێکی داگیر و دابەشکراو دەکەنە قوربانی دید و بۆچوونێکی ئاینزاییی یاخود ئایدۆلۆژی و مل بۆ خودی دێفاکتۆکە نادەن.. ئەوە واقیعی تاڵی کوردە بەدەست داگیرکەرەکانییەوە. دەکرێ بڵێین کەم وێنەو بێ هاوتایە، لە سەختی و تراژیدیایی دا. کەواتە، دەستەبژێر و سیاسی کورد، پێویستە کار بۆ بەرهەم هێنانی گوتار و میکانیزمێکی تری خەبات و بەرەنگاری بکەن، نەک خۆ وابەستە و دیلی دەقی کتێب و تیۆرییە نامۆکان بکەن.

بەداخەوە زۆرینەی ئەم دوو بەرە ڕۆشنبیر و سیاسییەی کورد،جێ پەنجەیان لەبەرهەمهێنان و داهێنانی کۆشک و تەلاری هزر و ڕۆشنبیریی کوردیدا نییە، بەڵکو هەر خەریکی گواستنەوەی هەڵە و جوینەوەی وتراوە سواوەکان و گرتنەبەری ئەزموونە شکست خواردووەکان و لاسایکردنەوە پڕ لەناجۆریی و دۆڕاویی نامۆکان دەکەن. بەم هۆیەشەوە، کورد بە تێکڕا ، لەو مێژووە جەنجاڵ و پڕ لە کوێرەوەرییەی خۆیدا، وزە و سەرمایە و حەزو ئاوات و توانا و لێوەشاوەییەکی گەورە و بێ شومار و گرنگی بە فیڕۆ چووە.

لە ئێستاشدا، چاوپێکەوتنی بیرمەندێکی شیعەی لوبنانیم خوێندەوە« ئەنیس نەقاش» گوایە لە کتێبەکەیدا بەناوی « الکونفیدرالیه المشرقیه» دەرەتانێکی باشی بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی وەک دۆزی کوردی خستۆتە بەرچاو.خواستی« دامەزراندنی کۆنفیدڕاڵییەکی رۆژهەڵاتییە لەسەر ململانێ بە سیاسەت نەک بە ناسنامە»...واتە کوردێکی شیعە لەگەڵ فارسێکی شیعە و عەرەبدا یەکگرن و دژ بە کوردێکی سوننە و فارس و عەرەب بن... چونکە ناوبراو پێی وایە، « دابەشکردنی جوگرافیا لەسەر بنەمای ئەتنیکی و مەزهەبی و ئاینی سەرەتای شەڕە نەوەک کۆتایی» ... هاوکات ناوبراو پێی وایە:« کێشەکان ئەوکاتە دەست پێدەکەن کە داوای دروستکردنی نەخشەی نوێ بکەین لەسەر بنەمای جیاکاری نەتەوەیی». واتە لە ئێستاوە کورد بۆی نییە داوای دەوڵەتی خۆی بکات . کاتێکیش دەسەڵاتی کورد ، وەک فارس و تورک و عەرەب نەبێت، شوێن و پێگەیشی لەوان لاوازترە. ئەم بۆچوونە دەیسەلمێنێ کە ئەو ناتوانێ لە خەیاڵی باڵا دەستی عەرەب و هەژموونی شیعەگەرایی دەرچێ و هەمیشە خۆی وەک عەرەب پێویستە باڵا دەست بێت و هاوشان پێشوەخت مسۆگەر بێت ، کە براوەی مەدانە و هەروەها ڕەنگە وەک شیعەش بەهەمان شێواز بیر کاتەوە. ئاخر ئەو فەزڵی عەرەبوون و موسوڵمان بوون بۆی سەلماندووە و پسووڵەکەی داوەتێ. ناوبراو پێی وایە :«دەوڵەتی بنیاتنراو لەسەر نەژادی و دین بەرەو ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە». کەچی سەرسەختانە داکۆکی لە ئێران ودەوڵەتە دەستکردەکانی دیکەی عەرەبی دەکات. دەڵێ: »ناوی کوردستان لە ئێران هەیەتی، ئەوە لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا دەبێ... لە ئێران کورد وەک هەر عەرەب و تورکمان و فارسێکە، چونکە ئێران لە شەش ئەتنیک پێکهاتووە و یاسا جیاوازییان لە نێواندا ناکات. ئەوێ وەکو کۆنفیدڕاڵییەکی ئەتنیکانەیە لە ئیمپراتۆرییەکی فارسیی بچووکدا«. کەواتە تۆ هەرچی بەدەست بهێنی هەر لەژێر ڕکێف و هەژموونی ئەواندا دەرناچیت و ئێرن ئەو نموونە باڵا و سەرمەشقەیە، مافی خۆیەتی باڵادەست و ئیمپراتۆر بێت و تۆش لە پەراوێزدا ژیان بگوزەرێنی.

ئەم بیرمەندە دەڵێ« لەم کۆنفیدڕاڵییەدا شوێنێک بۆ زایۆنیزم نییە، بەڵام فەلەستین دەبێتە بەشێک لەوە». ئەم ڕاگەیاندنە کتومت ناوەڕۆک و گەوهەری ناڕوون و ناواقیعی و عروبەچێتی و مەزهەبگەرایی بەدیار دەخات.ئاخر ناوبراو هەم مافی ژیان بۆ ئەوان/ جولەکە ناسەلمێنێ و هەمیش لە خەیاڵی گرد و مۆڵکردنی وزە و توانا مرۆیی و ئابووری و سیاسییەکانی گەلانی ناوچەکەدایە، بۆ یەکخستنیان لە بەرە و سەنگەرێک دا، لەبەرامبەر جولەکە یاخود ئەوەی ئەو بەردەوام بە زایۆنیزم ناوی دەبات. کەواتە کورد و گەلانی دیکە دەبێت وەک عەرەب شەڕی جیهادی و فەتوای لەناوبردنی ئیسرائیل رابگەیەنن. ئەمەش کتومت پاشکۆیی و چوونە پەراوێزی شەڕ و ململانێیەکەوە نیشان دەدات، کە لە سوودی کورد و خودی ناوچەکەشدا نییە. بە کورتی و کرمانجی ئەرکی سەرەکی کورد دژایەتی داگیرکەران و سەربەخۆیی بەدەستهێنانە.

کاتێک دەڵێ: فەلەستین دەبێتە بەشێکی ئەو کۆنفیدڕاڵییە، واتە دەوڵەتی فەلەستین ... ئەو نایەوێ کۆنفیدڕاڵی لەنێوان گەلانی ناوچەکەدا دروست بێت، بەڵکو دەیەوێ عەرەب بە 24دەوڵەتەوە و فارس بە ئیمپراتۆرییەتەکەیەوە ببنە بەشێک لەو جوگرافیا سیاسییە و شەڕی زایۆنیزم درێژە پێ بدەن. کەواتە ئەوە دەزانین ، ئەو نایەوێ کوردی بەیەکگرتوویی و وەک یەک دەوڵەتی سەربەخۆ بێتە ناو هاوکێشەوە، بەڵکو وەک بەشە بندەستەکانی چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە هەر هەوڵ و ئاڕاستەیەکی خەبات و ویست و داوای کورد، بۆ دەوڵەتی کوردی بێت، لەدەرەوەی ویست و کۆنترۆڵی ئەوانەوە بێت، یەکەوڕاست بە کاری ئیمپریالیزمی دەزانن و بە ئیسرائیلی دووەم ناوزەدی دەکەن. ئەنیس نەقاش لە دوا پەرەگرافی قسەکانیدا دەڵێ: »کۆنفیدڕالیزمی ڕۆژهەڵات، کێشەی کورد چارەسەر دەکات.« ناسنامەی مەشریقی دەبێت» ئەمەش جەوهەری گەلانی دیموکراتیکە کە تیۆرییەکەی سەرۆک ئۆجەلان داوای دەکات«. وەک دەبینین ناوبراو، جەخت لەسەر تیۆرییەکەی ئۆجەلان دەکاتەوە. مەخابن ساڵانێکە لە تیۆرییەکەی ئۆجەلانیش دا تارمایی پاشەکشەیەکی گەورە لە دۆزی نەتەوەیی دا بەرچاو دەکەوێت و جێگە و پێگە و ناونیشانی « دەوڵەتی نەتەوەیی » نییە.کەواتە هەردوو لا هاوبەشن لەم پرسە گەوهەرییەدا و بە خۆڕاییش نییە نقاش بۆ رامکردنی کورد هانای بۆ تێزەکانی ئۆجەلان بردووە.

لێرەدا لای ئەوان - بۆ ئەوان گرنگ و داواکراو ئەوەیە، کورد بانگاشە و داخوازی «ناسنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانێکی سەربەخۆ و بوونە دەوڵەت» تی نەبێت و بزری کات. ئەمەش ئەو دەرئەنجامەیە کە گوتاری ئایینی و ئایدۆلۆژیای ئینتەرناسیۆنالیست و ئەندێشەی کۆسمۆپۆلێتی و خەون و خەیاڵی یۆتۆبیایی، سەرمەستەکانی دوور لە واقیع و دەروون نەخۆش و خاوەن گرێی خۆبەکەمزانەکانی بەرەیەکی فراوانی کوردی پێی گرفتار بوون. بە دیوەکەی تریش دا ئەو دیمەنە قێزەون و بێزارکەر و ئومێدکوژە نمایش دەکات، کە دەستەبژێری گەلانی سەردەست، چ جیاوازییەکی بنجییان لەتەک خەڵکی ڕەشۆک و سیاسی و سەربازی وڵاتەکەی خۆیاندا نییە. بەداخەوە زۆری ماوە لەنێو شۆرش و ڕاپەڕینەکانی کورد دا، ژمارە و ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەی گەلانی سەردەست ببین، هاوشانی کورد بۆ مافی نەتەوەیی و ژیان و دیموکراسی کورد تێ بکۆشن، وەک ئەوەی کاتی خۆی ڕۆشنبیرە فەرەنسییەکان بۆ سەربەخۆیی جەزایر دژ بە وڵاتەکەی خۆیان کردیان.

کەواتە گەر واقیعبین بین و دروست ریال پۆلەتیک بخوێنینەوە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێ، دەمێکە ئەو خەونە بەتاڵ بۆتەوە، ئەوان! ببنە بەشێک لەو تێکۆشەرانەی بۆ ئامانجەکانی تۆ تێ بکۆشن. گەر هەشبن ! ئەوا ڕێژەیان لە پەراوێزدان.

شایانی گوتنە، لەم وانە مێژووییەوە، باشتر حاڵی بوون، کە پێویستە ستراتیژ و ئامانجی ـ بەدەوڵەتبوون ـ ی خۆمان ڕوون و ئاشکرا بکەین و لە ڕوانگەی خۆمانەوە لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسیەوە ، بەرامبەر بە خۆمان و ئەوان! ئەم هەقیقەتە مێژووییە بیکەینە دێفاکتۆیەکی نەگۆڕی چەسپاو ، نەک بەدیار داری زڕ و خەونی نەزۆکی ئەوانەوە دۆش دابمێنین.